پوختـەی جێبەجێکـراو

# هەڵسـەنگاندنی خێـرا بـۆ توندوتیژی لەسـەر بنەمـای ڕەگەزی لەمـاوەی پەتای جیهانـی کۆڤیـد - ١٩ لـە عێراق

٢٠٢٠

Toward Women Empowerment
WEO

EuroMed Feminist Initiative
المبادرة النسوية الأورومتوسطية
Initiative Féministe EuroMed

Funded by the European Union
بتمويل من الاتحاد الأوروبي

# هەڵسەنگاندنی خێرا بۆ توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی لەماوەی پەتای جیهانی کۆڤید -١٩ لە عێراق

ماوەی هەڵسەنگاندن: ١ ئاب ٢٠٢٠ - ٣٠ تشرینی دووەم ٢٠٢٠

شوێنی هەڵسەنگاندن: بەغداد, هەولێر, دیالە و دهۆك.

ئەم بڵاوکراوەیە بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا ئامادەکراوە، لەڕێگەی سندوقی پاڵپشتی هەرێمی یەکێتی ئەوروپا، ناوەڕۆکەکەی لەسەر بەرپرسیارێتی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتە، وگوزارشت لە بۆچوون وهەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا ناکات.

**دەربارەی سندوقی متمانەی هەرێمی یەکێتی ئەورووپا لە بەرامبەر قەیرانی سوریا، سندوقی 'مەدەد' ی یەکێتی ئەوروپا:**

لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٤ وە، بەشێکی بەرچاو لە هاوکاریە ناپەیوەندیدارەکان بە یارمەرتییە مرۆییەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ وڵاتانی دراوسێی سوریا، لە ڕێگەی سندوقی متمانەی هەرێمیی یەکێتی ئەوروپاوە دابین دەکرێت لە بەرامبەر قەیرانی سوریا، سندوقی 'مەدەد' ی یەکێتی ئەوروپا. سندوقەکە هاوکارییەکانی یەکێتی ئەوروپای بۆ قەیرانەکە بە شێوەیەکی کۆکراوە و یەکخراوەیی ڕێکخستوە و بە تایبەتی تەرکیز لەسەر پێداویستییە ئابووری و پەروەردەیی و پاراستن و کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانی پەنابەران لە سوریا لە وڵاتانی دراوسێی وەک ئوردن و لوبنان و تورکیا و عێراق و پشتگیری لە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و ئیدارەکانیان دەکات.
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سندوقی متمانەی یەکێتی ئەورووپا، تکایە سەردانی:
https://ec.europa.eu/trustfund-syria-region/content/home_en

**دەربارەی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت:**

ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت (WEO)، ڕێکخراوێکی عێراقی ناحکومییە کە کاردەکات بۆ هاندان و سەرخستنی دۆزی مافی یەکسانبوون بۆ ئافرەتان و هاندانییان تا ڕۆڵێکی چالاک ببینن لە کۆمەڵگەی عێراقیدا.

ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت بە سەرکەوتوویی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کاری کردوە لە سەرتاسەری عێراق و گۆڕانکاری گەورەی کردوە بۆ باشترکردنی ژیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک. ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت جەخت دەکاتەوە لە بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت و بەشداریکردنی سیاسی، ئابووری، کولتوری و کۆمەڵایەتییان لە ناو کۆمەڵگەی عێراقی. لەگەڵ ئەو بارودۆخە ناجێگیرەی کە بە بەردەوامی لە زیادبووندایە لە عێراق و ناوچەکەدا، ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت ڕووبەڕووی چەندین ڕێگر بوەتەوە، لەوانەش سەرهەڵدانی داعش و کاریگەرییە وێرانکەرەکانی شەڕی ناوخۆ. لە بەرامبەر ئەم ڕێگرییە سەختانە و کاریگەرییەکانیان لەسەر گروپە پەراوێزخراوەکان بەگشتی و ژنان و کچان بەتایبەتی، ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت مەودای کاری خۆی فراوانتر کرد بۆ ئەوەی پشتیوانی و پارێزگاری لە ژیان و کەرامەتی هەزاران کەس بکات کە لە تەنگانەدان بەتایبەت ژنان و کچانی ئاوارە کە پەناگەیان لە باکوری عێراق دۆزیوەتەوە و ڕاستییەکی نوێیان سەپاند لەسەر پێویستییەکانی مرۆڤ و کەلێنەکانی ئەم پێویستییانە لە چەندین کەرتدا.

**دە ستیپێشخەریی فێمینیستی یۆرۆمێد (IFE - EFI)** داکۆکی لە یەکسانی جێندەریی و مافی ئافرەت لە چوارچێوەی مافی مرۆڤی جیهانی هەروەها لە بنیاتی دیموکراسی و هاووڵاتیبوون، چارەسەری سیاسی بۆ هەموو ناکۆکییەکان، مافی چارەی خۆنووسین دەکات.

## پێشەکی

ئەم پەتا جیهانیە و ئەو ڕێکارانەی لەناویدا گیراونەتەبەر ئاسەوار و ئاکامی زۆر خراپی جێهێشت کە بەدەربوون لە کاریگەری تەندروستی، تاوەکو پێکبهێنرێت لە لایەن و بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی. کاریگەری هەبوو لە زیادکردنی ڕووی هاوسەنگی و نایەکسانی و جیاکاری دژی چینەکانی پشتگوێ خراو، بارودۆخ و فاکتەری وای دروست کرد کە ئافرەتان و منداڵانی ڕووبەڕووی توندوتیژی زیاتری کردەوە.

کاریگەریەکەی لەسەر کۆمەڵانی دانیشتووان ئەوانەی لەچوارچێوەی مرۆیی فریاکەوتن دەژین زۆر زیاترە، و لەوانەی ڕاگوێزراوان و پەنابەران و ئەوانەی ماڵی خۆیان جێهێشتووە بەهۆی ناکۆکیەکان لە عێراق و سوریا. ئەوانەی لە بنەرەتەوە دەناڵێنن بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری و لە بارودۆخی بژێوی سەختەوە گوزەر دەکەن، سەرەرای حاڵەتی پشتگوێ خستن، و ئەو نایەکسانیەی بەر لە کۆرۆنا ڕووبوڕووی دەبوونەوە لە ئاکامی بارودۆخیان.

ئەم هەڵسەنگاندەی ئێستا شیکاری واقیعی ئێستا پێشکەش دەکات کە تایبەتە بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی نێوان ڕاگوێزراوان و پەنابەران و ئافرەتانی کۆمەڵگەی خانەخوێ لە عێراق. و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئاسەواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی ئەوەی کە پەتایەکە جێیهێشتووە لەسەر چینێکی دانیشتووان کە دەبنە هۆکاری دروست بوونی فاکتەری مەترسی وە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ توندوتیژی. و دیاری کردنی گرنگترین بۆشایی لە وەڵامدانەوەی پێشکەشکراو.

هەڵسەنگاندنەکە پشتی بە شێوازی جووتی بەستووە نێوان ڕێگای چەندێتی و جۆرێتی لە کۆکۆدنەوەی داتا کە تیمی هەڵسەنگاندن ٢٦ چاوپێکەوتنیان ئەنجام داوە لەگەڵ لایەنە چالاکەکانی حکومی و ناحکومی و ئافرەتانی رزگاربووی توندویژی و ٥ دانیشتنی گرۆپی جەختکردن و پەنایان بردووتە بەر ڕێگەی رووپێوی کۆمەڵایەتی و نمونە وەرگرتنەکە ٥٠١ بووە لە ئافرەتانی ڕاگوێزرا و پەنابەر و کۆمەڵگەی خانەخوێ، و لەڕێگەی وەرگرتنی نمونەی لەسەرخۆ هەڵبژێردراون.

چاوپێکەوتنەکە لە چوار پارێزگا ئەنجام دراوە (هەولێر و بەغدا و دیالا و دهۆك) و لەمیانەی ماوەی درێژکراوە لە ئەیلوول تاوەکو تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠. بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنە سوود لە تیمی کارکردن وەرگیراوە کە پێك دێت لە ٦ توێژەری مەیدانی سەرەرای شیکاری ئاماری و هەماهەنگ لە ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان.

## گرنگترین دەرئەنجام

### ١- بارودۆخی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی لەماوەی پەتای جیهانی کۆڤید-١٩ نێوان پەنابەران و ڕاگوێزراوان و کۆمەڵگەی خانەخوێ

ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی پەتا و ئەو ڕێکارانەی گیراونەتەبەر لە ٣٥٪ بەر لە پەتاکە بۆ نزیکەی ٦٥٪. ڕاگوێزراوان و پەنابەران ڕووبەڕووی توندوتیژی زیاتر بوونەتەوە بەبەراورد لەگەڵ ئافرەتانی کۆمەڵگەی خانەخوێ، و ڕێژەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئافرەتان بۆ توندوتیژی لەدەرەوەی کەمپ زیاتر بوو بەبەراورد لەگەڵ پێش پەتاکە و لەمیانەی پەتا. ٦٤٪ ئافرەتان لەدەروەی کەمپ دانپێدانانیان کردووە کە ڕووبەڕووبوونەتەوە بەرامبەر ٥٦٪ لە ئافرەتانی ناو کەمپ .







### ٢- شێوە و جۆرەکانی توندوتیژی لەمیانەی پەتای جیهانی کۆرۆنا

توندوتیژی دەروونی لەسەرووی جۆرەکانی تری توندوتیژیە کە ئافرەتانی ڕاگوێزراوان و پەنابەران و کۆمەڵگەی خانەخوێ ڕووبەڕووی دەبنەوە. تاکو ٦٨٪ دانیان پێداناوە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەروونی بوونەتەوە. وە ١٧,٧٪ لە نمونەکانی ڕوپێوەکە دانیان بەوە داناوە کە ڕووبەڕووی ئازاردان و توندوتیژی جەستەیی بوونەتەوە. و ٦١,٣٪ ئاماژەیان داوە کە ناڵاندوویانە بەدەست خۆسەپاندنی پیاوان بەسەر ژیانیان کەزیادی کردووە لەمیانەی پەتاکە و ئەو ڕێکارانەی لەگەڵ خۆی هێناوە. و ١٤٪ لەو ئافرەتانەی بە نمونە وەرگیراون دانیان بەوە داناوە کە بێبەشکراون لە مافەکانیان و بەدەستهێنانی سەرچاوە و دەرفەت، ئافرەتانی دووگیان بێبەشکراون

له وەرگرتنی چاودێری پزیشکی. و ١١،٤٪ له بەشداربووان له ڕووپێوەکه دانیان داناوه که ڕێگریان لێکراوه له بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایل. و لەگەڵ وەستانی کاری پیاوان بەهۆی قەدەغەی هاتووچۆی گشتی، هەندێك له ئافرەتانی کارکەر لەمیانەی پەتاکه ڕووبەڕووی توندوتیژی ئابووری بوونەوە که بریتی بوو له دەستبەسەرداگرتنی مووچەیان و دەستێوەردانی سەرچاوەکانیان بەبێ ویستی خۆیان.




٩ ئافرەت دانیان بەوه داناوه یاخود نزیکەی ٢٪ لەکۆی نمونەی ڕووپێوی ئێستا که ڕێگریان لێکراوه له ئەنجامدانی پشکنینی ڤایرۆس و ئەمەش شێوازێکی نوێی توندوتیژیه که لەگەڵ کۆرۆنا سەری هەڵداوه. و زۆربەی ئەوانەی تووشی ڤایرۆس دەبن بێدەنگ دەبن له تووشبوونیان و ڕێگری دەکەن له چوون بۆ نەخۆشخانه و وەرگرتنی چارەسەری. بەهۆی پاراستنی تۆری پەیوەندیه سنووردارەکەیان و ترسیان بەهۆی لەدەستدانی سەرچاوەی رۆزییان که کریارەکانیان لەدەست دەچێت تەنانەت دوای چاکبوونەوەیان، یان لەترسی دەرکردنیان له کەمپ

لەڕێگەی ئەو سەردانه میدانیانه و چاوپێکەوتن لەگەل ڕزگاربووانی توندوتیژی زانیاری گرنگ دەستکەوتووه لەو بارودۆخەی که لەگەڵ پاتەکه هاتووه و بووه هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئافرەتان بۆ توندوتیژی جەستەیی و لاقەکردن لەلایەن هاوسەر.

ڕێژەی ٧٪ لە نمونەی ڕووپێو دانیان بەوە داناوە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی ئەلکترونی بوونەتەوە، و کارمەندانی پۆلیسی کۆمەڵگەیی دووپاتیان کردووتەوە لە ئاگادارکردنەوەیان بە دەیان حاڵەتی بێزارکردنی ئەلیکترونی لەماوەی یەك مانگ و سەبارەت بە ئافرەتانی راگوێزراو هەراسان کردن و بێزارکردن لەرێگەی ئینتەرنێت جۆرێکی نوێی توندوتیژیە و پێشتر نەیان بینیوە. و ئەو هەڵسەنگاندنە شێوازێکی نوێی توندوتیژیان ئاشکرا کردووە کە پەیوەستە بە تەکنەلۆجیا و ئەمەش لەگەڵ پەتاکە هاتووە کە ئافرەتان بەدەستیەوە دەناڵێنن کە پیاوەکانیان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پەیوەندی سێکسی لە ڕێگەی ئینتەرنێت و بەلانی کەم دوو حاڵەت لە کەمپەکانی بەغدا و نەبی یونس دەستنیشان کراون کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە نوێیەی توندوتیژی بوونەتەوە.

بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئەو ئافرەتانەی تێدا ژیاون لە میانەی پەتاکە بووە هۆی وێرانبوونی توانای زۆربەیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکانی ژیانی ڕۆژانە. و ١٥٪ لە کۆی نمونەی ڕووپێو ڕایان گەیاندووە و ٢٤٪ لەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە کە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە بە پاڵپێوەنان و هاندان لەلایەن کەسێکەوە و زۆربەی جاریش دەستدرێژیکار.

## ٣- سەرچاوەی توندوتیژی و شوێنەکەی

زۆرینەی حاڵەتەکانی توندوتیژی کە دانپێدراوە لەلایەن ئافرەتانی ڕاگوێزراو و پەنابەر کۆمەڵگەی خانەخوێ ئەویش توندوتیژی خێزانییە کە لەلایەن خێزان یان یەکێك لە ئەندامانی خێزان ئەنجام دراوە. و ئەنجامەکانی ڕووپێو ئاماژە بەوە دەکەن کە ٤٧,٥٪ لە توندوتیژی سەرچاوەکەی مێردە. دواتر براکان١٣,٤٪ و بەتایبەتی ئەو توندوتیژیەی دژی ئافرتانی شوونەکردوو دواتر باوك ١٢٪. هەندێك راگوێزراو لە کەمپ و دەرەوەی کەمپ گلەیی ڕووبەڕووبوونەوەی بێزاری و شەرم و جیاکاری دەکەن کە سەرچاوەکەی کۆمەڵگەی خانەخوێ یە ڕەنگدانەوەی قبووڵنەکردنیان بەهەبوونی راگوێزراوان لە ناوچەکانیان و گوایە ئەوان بوونەتە سەرچاوەی هەرەشە بۆ کۆمەڵگەی خانەخوێ

## ٤- توندوتیژی دژی ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت

ڕێژەی ئافرەتان و کچانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە بەرزبووە لە ٣٧٪ بەر لە پەتا بۆ ٨٩٪ لەگەڵ سەپاندنی ڕێکارەکانی کەرەنتین و قەدەغەی گشتی کە خەڵکی ناچارکرد لەماڵکانیان بمێننەوە. و هاوسەر سەرچاوەی توندوتیژی بوو بۆرێژەی ٢٦٪ لە ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت. دواتر براکان ١٤,٨٪ دواتر باوك ٧,٤٪ و ١١٪ رایان گەیاندووە کە سەرچاوەی توندوتیژی پێشکەشکارانی خزمەتگوزارین یان پیاوێك کە هیچ پەیوەندیان پێوە نییە.

**٥- ئەم پەتایە کاریگەری دروست کردووە لەسەر ڕەفتاری هەواڵدان و ئەو بژاردانەی کە ئافرەتان دیگرنەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی**

گۆڕانکارییێك هەیە لە ڕەفتاری ئاگادارکردنەوە لە توندوتیژی لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی لەگەڵ پەتاکە هاتووە. ڕێژەی ئاگادارکردنەوەکان کە دەهاتنە فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ٢٩٣ سکاڵا لەمانگی نیسانی ٢٠٢٠. لەکاتێدا ژمارەی سکاڵاکانی هەمان مانگی ساڵی ڕابردوو ٨٧٧ سکاڵابوون. و هەروەها کۆی ژمارەی سکاڵاکانی توندوتیژی خێزانی کە هەواڵیان داوەتە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی خێزان لە تەواوی عێراق لەماوەی شەش مانگی یەکەم لە بڵاوبوونەوەی پەتا بە واقعی ٥٠ حاڵەت بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی سکاڵاکانی شەش مانگی ساڵی ٢٠١٧.

دەکرێت هۆکاری ئەم نزمبوونەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕێکاری قەدەغەی هاتووچۆ و داخستنی گشتی کە ڕێگربوون لە بەردەم قوربانیان بگەنە بنکەکانی پۆلیس. بەڵام دەکرێت ئەم نزموبوونەوەیە پێچەوانەبێتەوە کە وەزارەتی ناوخۆ کەیسەکانی توندوتیژی نەیخستووتە نێو پێشینەی کارەکانی.

و لەچاوپێکەوتنەکان ئاشکرابووە لەسەر کاریگەریە لایەنە جیاجیاکان کە پەتاکە سەپاندوویەتی لەسەر ڕەفتاری داواکردنی یارمەتی. لەلایێکەوە پەتاکە پێشینەکانی ڕزگاربووانی ڕێکخستەوە لە توندوتیژی ئەوەی ناڵاندوویانە بەدەست بارودۆخی ژیانی سەخت و سنووردارکردنی پێداویستیان بە دڵنیایی کردنی خۆراك بۆ منداڵەکانیان کە زۆر گرنگترە لە خزمەتگوزاری پاڵپشتی دەروونی یان یارمەتی یاسایی. و کاریگەری دروست کردووە لەسەر توانای ئافرەت بۆ گەڕان بەدوای یارمەتی بەهۆی ئەرکەکانی ماڵەوە کە بووەتە دووئەوەندە و لەئاکامی ئامادەبوونی دەستدرێژیکار کە کونترولی جوڵەکانی دەکات لەماڵەوە بە درێژایی کات. و بەهۆی ئەو پەتایە و ئەو ڕێکارانەی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئافرەت لە تۆڕەکانی پشتوانی دوورکەوتوونەتەوە کە ئافرەتان زۆر پشتی پێدەبەستن لە بەرگەگرتنیان لە توندوتیژی و بەرێکردنی ئەو دۆخانەی تووشی دەبن، و ئەمەش بووەتە هۆی لاوازبوونی پاراستنی ئاسایی و لەدەستدانی پاڵپشتی ئافرەت کە دەکرا وەرگیرابا لەلایەن کەس و کار و خزمەکانی.

## ٦- کاریگەریەکانی قەیرانی پەتایی لەسەر بارودۆخی گوزەرانی ئافرەتانی راگوێزراو و پەنابەر و کۆمەڵگەی خانەخوێ

ئەو پەتایە و رێکارەکانی کاریگەری دروست کردووە لەسەر ئاستی بژێوی ئافرەتان. رێژەی کرێی ڕۆژانەی بەخێوکەرانی خێزانەکانی راگوێزراو و پەنابەر نزم بووەوە لە ٥٧,٥٪ بەر لە پەتاکە بۆ ٣٩٪ دوای پەتاکە لەبەرامبەردا رێژەی بێکاران لەناو خێزان دووئەوەندە بووە لە ٢٠,٤٪ بۆ ٤٠,٣٪.

٥٠,٥٪ بەشداربووانی ڕووپێو رایان گەیاندووە بە کارتێکردنی کاری هاوسەرەکانیان و هەموو ئەوانەی بەکرێی رۆژانە کاریان دەکرد لە ئەندامانی خێزان کاریان و داهاتیان لەدەست داوە لەماوەی قەدەغەی گشتی و کەرەنتین. و ٩١,٤٪ لە نمونەی رووپێو ئاماژەیان داوە کە ئەوان تووشی ئاستەنگی گەورە بوونەتەوە لە بەرێوەبردنی ژیان و گوزەران و دابین کردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی خێزان. راگوێزراوان و پەنابەرانی دەرەوەی کەمپ ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورەتر بوونەتەوە بەبەراورد لەگەڵ ناوەوە لەبەر ئەوەی ئەوانی دەرەوە لەناو خانووی کرێ دەژین.

و نزیکەی ٥٠٪ ئافرەتانی کارکەر کارەکانیان لەدەست داوە و ١١,٢٪ ناچاربوون واز لە کارەکانیان بهێنن بەهۆی بەتەنیا مانەوەی منداڵەکانیان لەماڵەوە دوای داخستنی دەزگاکانی چاودێری "داینگە و قوتابخانە" و نیوەی خاوەنکاران زەرەرمەندبوون لە پرۆژەکانیان بەهۆی پەتا. و بووە هۆی لەدەستدانی کاری ئافرەتان و لاوازبوونیان و بەئامانجکردنیان بۆ توندوتیژی.

## ٧- بێزارکردن و دڵتەنگی دەروونی لەنێو ئافرەتانی پەنابەران و راگوێزراوان و کۆمەڵگەی خانەخوێ لەماوەی پەتا

٩٤,٢٪ لە نمونەی ڕووپێو ئاماژەیان داوە کە هەست بە بێزاربوون و دڵەراوکێ و فشاری دەروونی دەکەن و بەشداربووان بەپێی ئەزموونیان لەمیانەی پەتاکە وەسفیان کردووە کە ئەمە خراپترین جۆری ناخۆشی بوو کە بینیویانە لەماوەی کۆچ و راگواستن. زۆرینەی بەشداربووان ٦٨٪ رایان گەیاندووە بە هەستکردنیان بە نەبوونی ئارامی و ترس لەماوەی پەتا. و ٦٥,٧٪ دووپاتیان کردووتەوە مانەوەی هەموو ئەندامانی ماڵەوە کاریگەری لەسەر دۆخی دەروونیان دروست کردووە و هەروەها١٧,٤٪ دانیان داناوە کە ماندووبوون و فشار بەهۆی مانەوەیان لەماڵەوە هۆکاری سەرەکیە بۆ ئافرەتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ توندوتیژی لەماوەی پەتاکە. وە هەروەها ٧٢٪ ئاماژەیان داوە کە پەتاکە ئەوانیان دابڕاندووە لە پەیوەندیان بە کەس و کاریان و

ناسیاویان و ٨٢٪ بەشداربووان دانیان ناوە بە زووربوونی کاری ماڵەوە لەئاکامی مانەوەی هەموو ئەندامانی خێزان لەماڵەوە.

### ٨- بەرزبوونەوەی دڵەراوکێی خێزانی

ڕێکارەکانی کەرەنتین و ناچارکردنی دانیشتووان لەماڵەکانیان بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکی خێزانی کە هەموو ئەندامانی خێزانی گرتووتەوە. بەپێی ٨٨،٤٪ کە دانیان پێداناوە. نزیکی شوێنی و مانەوە لەناو رووبەرێکی بچووکی داخراو بووەتە هۆکاری پەیدابوونی جوڵەی توندڕەوی نێوان ئەندامانی خێزان. و ئافرەتان گلەیی گۆڕانکاری نەرێنی دەکەن لە رەفتاری کورەکانیان و کچەکانیان بەتایبەتی بەهۆی دەستبەسەربوونی درێژخایەن. لەنێویدا توندرەوی و نەبوونی توانای بەرگەگرتنی یەکێك بەرامبەر ئەوی تر. لەکاتێکدا کچانی شوونەکراو ناڵاندوویانە بەدەست توندوتیژی و توندرەوی برا نێرەکانیان و هەندێك لە دایکان ئاماژەیان بە هەبوونی پەیوەندی توندرەوی کردووە نێوان خودی کچەکان.

ئافرەتانی ڕاگوێزراو و پەنابەر وەسفی قەبارەی ناکۆکیەکانی کردووە کە هەموو ئەندامانی خێزانی گرتووتەوە کە پەتاکە رقلێبوونێکی توندی نێوان ئەندامانی یەك خێزانی دروست کردووە هانیان داوە کە بەردەوام ناکۆکبن لەگەڵ یەکتر، و هەندێك ئافرەتی تر گلەیی رەفتاری کەلەرەقی دەکەن کە لە کچە هەرزەکارەکانیان بەدەرکەوتووە و ئەم جۆرە رەفتارە نەبوو پێش پەتاکە.

### ٩- کەمی زانیاری لە خزمەتگوزاریەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی بەردەست لەماوەی پەتاکە

زانیاری دەربارەی ڤایرۆس بەردەست بووە و گەیشتووە بە هەموو ئافرەتان بەو رێگەی لێی تێدەگەن. و زۆرینەی ئافرەتانی بەشداربوو لە هەڵسەنگاندن ٣٧،٥٪ زانیاریان لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەدەستیان کەوتووە. و سەبارەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و خزمەتگوزاریەکانی بەردەست و ڕێگاکانی گەیشتن پێی، زانیاریەکان زۆر سنووورداربوون. ٨٤٪ لە نمونەی ڕوپێو ئاماژەیان بەوە داوە کە هیچ نامەیێکیان بەدەست نەگەیشتووە دەربارەی ئەم بابەتە. و هۆکارەکەش ئەوەیە کە زانیاری دابین دەکران لەرێگەی ئینتەرنێت یان لەرێگەی نامەکانی مۆبایل لەکاتێدا ئەنجامەکانی رووپێوی ئێستا ئاماژەی داوە کە ٣٦٪ لە راگوێزراوان و پەنابەران موبایلیان نییە و بە ئینتەرنێتەوە نەبەستراونەتەوە و سێیەکیان خوێندەواریان نییە و ناتوانن بەو زانیاریانە ئاشنابن. سەرەرای ئەوەی کە ژمارەکان و هێلە گەرمەکان لەشوێنی ئاسان دانەنراون وەك دەرمانخانەکان و فرۆشگاکان.

## ١٠- سنوورداری هەبوونی خزمەتگوزاری پزیشکی

ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن ئاماژەی نیگەرانیان دەرخست کە پەیوەندیدارە بە گەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی لەمیانەی پەتاکە کاتێك ٧٧٪ بەشداربووانی ڕووپێوەکە دانیان داناوە کە بەراستی پەتاکە بووەتە بەربەست لەبەردەم بەدەستهێنانی چاودێری پزیشکی. هەندێکیان پەیوەندیدارن بەسنووورداری خزمەتگوزاریەکانی بەردەست و هەندێکیان تایبەتن بە کوت و بەندی سەپێنراو بۆ پاراستن لە ڤایرۆس و دەستبەسەرکردنیان لەناو کەمپەکان لەکاتێکدا هۆکارەکانی تر پەیوەندیدارن بە تێکچوونی باری گوزەران لە ئەنجامی وەستانی کارەکان کە بەربەستی دروست کردووە بەرامبەر توانای داواکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی تایبەتمەند و کڕینی دەرمان.

## ١١- وەستانی میکانیزمی گەیشتن بە دادپەروەری

٢٥٪ نمونەی ئافرەتانی بەشداربووی ڕووپێو دانیان بەوە داناوە کە قەیرانی پەتایی ڕێگری دروست کردووە لە بەدواداچوونی کەیس لە دادگا یان گەیشتن بە دەزگاکانی دادوەری. و ڕێژەی ئافرەتانی راگوێزراو کە دانیان ناوە کە نەیانتوانیوە بگەن بە دادپەروەری ٢٨,٤٪ بەرامبەر ٢٧٪ ئافرەتان لە کۆمەڵگەی خانەخوێ و ١٨,٧٪ لە پەنابەران.

داخستنی دادگاکان بووەتە هۆی وەستانی ڕێکارەکانی جیابوونەوە و مافی ئافرەت لەداواکردنی بەخێوکردنی منداڵ و مافی بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی مەدەنی و کاریگەری داخستنی گشتی لە بڕیاردان و بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامی تایبەت بە خەرجیەکان کە ئەو پرسە بووەتە هۆی بێبەشکردنی زۆرێك لەئافرەتان لە خەرجی شایستە و کاریگەری دروست کردووە لەسەر داخستنی دادگاکان بۆ کەیسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و گەیشتنی رزگاربووان بە دادپەروەری و کارئاسانی بووە بۆ ڕاکردنی تۆمەتباران لە سزا. پاشگەزبوونی خزمەتگوزاری رولی یاسایی بۆ رزگاربووانی توندوتیژی کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ڕێکارەکان دەبەستن کە پارێزەرانی نوێنەری رزگاربووان پێی هەڵدەستن لەناو فەرمانگەکانی دادوەری.

## ١٢- وەستانی میکانیزم و پاڵپشتی پێشکەشکراو بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی لەمیانەی پەتاکە

ئەم پەتایە کاریگەری دروست کرد لەسەر هەموو خزمەتگوزاریەکانی تایبەت بە توندوتیژی. و هەموو لایەنەکانی حکومی و ناحکومی دووپاتیان کردەوە کە بەهاناوەچوون لەمیانەی پەتاکە بەپێی پێویست نەبوو و خزمەتگوزاریەکان لەڕووی کوالێتی لاواز و کەم بوون.

## ١٣-ئاستەنگەکانی خزمەتگوزاری دووربەدووری و بۆشاییەکانی

ڕێکخراوی کارکەر لەبواری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی لەئینتەرنێت بڵاویان کردووتەوە. و پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری تووشی بەربەستی گەورەبوون لە گەیشتن بە قوربانیان لەڕێگەی ئینتەرنێت چونکە ئەوان نەبەسترابوونەوە بە ئینتەرنێت. و ڕزگاربوو ناتوانێت لەڕێگەی تەلەفۆنەوە داوای یارمەتی بکات بە ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگە لەماڵەوە و بەهۆی نەبوونی شوێنێکی سەلامەت کە ڕزگاربوو تێیدا هەست بەتەنیایی بکات و سەلامەت بێت لەگەڵ خودی خۆی و بۆیە لەوانەیە دەستدرێژیکار بە پەیوەندیەکەی بزانێت و توندوتیژی زیاتر لە بەرامبەری ئەنجام بدات.

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دووربەدووری کاریگەری دروست کردووە لەسەر کوالێتی و جۆرێتی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و کاریگەری هەبووە لەسەر ڕێرەوەکانی ناردن و بەڕێوەبەردنی حاڵەت بەهۆی نەبوون و داخستنی زۆرینەی ڕێکخراوەکان و سەنتەرەکان، وە هەروەها خزمەتگوزاری بریکاری یاسایی وەستاوە کە ناکرێت بە دووربەدووری پێشکەش بکرێت.

وە هەروەها کاریگەری کردووە لەسەر ئامادەسازی و لکاندنی کۆمەڵایەتی و دروست کردنی توانا بۆ ڕزگاربووان و پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزاریە لە دوورەوە ئاسان نەبوو، ئەم پەتایە و ڕێکارەکانی کاریگەری دروست کردووە لەسەر چاودێری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە سەردانی مەیدانی بەستبوو کە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری پێی هەڵدەستن.

### دەستێوەردانی پێویست

١- دانانانی پلانی فریاگوزاری لەناو پلان و بەرنامەکانی لایەنەکانی چالاك کە پێکدێت لە شیکردنەوەی مەترسیەکان و میکانیزمی گەیشتن بە ڕزگاربووان و پەنابەران و ئافرەتانی دوورەدەست و ئەمەش وەڵامدانەوەی چالاکی توندوتیژی و پاراستنی قوربانیان لەخۆدەگرێت

٢- لکاندنی خزمەتگوزاری بەهاناوەچوون و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی بەپێی ڕێنمایی و ڕێکارەکانی شانەی قەیران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتا لەگەڵ دابین کردنی بڕێکی بودجەی بینراو لە پەتا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.

٣- بەشدارییپێکردنی ئافرەتان لە هەموو قۆناغەکانی وەڵامدانەوەی پەتا و بەشدارییپێکردنیان لە شانەکانی قەیران و لێژنەی تەندروستی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و لەهەموو پێگەکانی بڕیاردانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی قەیرانی کۆڤید١٩. و لکانی دیدی جۆری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای گرنگی پێدانی

پێداویستیەکانی پیاوان و سروشتی تایبەت بە پێداویستیەکانی ئافرەتان لەهەموو بەرنامە و پلانەکانی دادەنرێن و جێبەجێی دەکرێن بۆ رووبەرووبوونەوەی پەتا و ئاسەوارەکانی.

٤- فەراهەمکردنی داتای پۆلێنکراو بەپێی رەگەز دەربارەی ئاسەوارەکانی تەندروستی و فێرکردن و ئابووری بۆ پەتاکە و یارمەتی خاوەن بڕیاران دەدات لە تێگەیشتنی پێداویستیەکانی ئافرەتان و بەشدارە لە راستکردنەوەی سیاسەت و ئاراستەکردنی سەرچاوە و هەوڵدان بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی سووککردنی جیاوازی نێوان هەردوو رەگەز کە لەمیانەی قەیرانی پەتایی زیاتر بەدەرکەوت.

٥- دانان و جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئابووری بۆ پاڵپشتی زەرەرمەندانی پەتا و پاراستنی کارکەران لە هەژاری لەکەرتی ناحکومی. و دانانی ئەو ئافرەتانەی بەخێوکەری خێزانەکانیانن لە پێشینەی وەرگرتنی دەرماڵەی فریاگوزاری و هەر قەرەبووییێك کە ببێتە هۆی ئاسانکردنی بەدەستهێنانی مەوادی خۆراك و پزیشکی. و لەسەر کارکەرانی کەرتی حکومی ئەوەیە ئەرکەکانی کۆمەڵایەتی دابەش بکەن بەرامبەر چینەکانی هەژار و بێ داهات لەرێگەی ئەنجامدانی دەستپێشخەری و یان دابینکردنی برێکی بچووك لە مووچەیان بۆ پاڵپشتی چینی هەژاران.

٦- سوود وەرگرتن لەتەواوی ئامرازەکانی راگەیاندن و پێگەکانی تۆری کۆمەڵایەتی و نامەی تێکست و بلوتوس و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بە مەبەستی گواستنەوەی زانیاری و رێنمایی لەرێگەی پەخشکردنی نامە و نمایشی درامای کورت لەسەر ئینتەرنێت و دڵنیایی گەیشتنیان بە ئافرەتان پیاوان و پێشبینی کراوە لە هاوپەیمانییێك کە پێك دێت لە کۆمەڵێك رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك لەو کەرەستانەی لەگەڵ رێکارەکان رێك دەکەون بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی پەتایی و دەکرێت ببێتە سەرچاوەییێك بۆ رێکخراوەکانی ناوخۆیی کە بەرەنگاری توندوتیژی خێزانی دەبنەوە، لەنێویدا گەیاندن و بڵاوکردنەوەی رێنمایی کە دەکرێت پیاوان کاری لەسەر بکەن لەمیانەی ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری کەیسی دەروونی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستی توندوتیژی خێزانی و پێکهێنانی کۆمەڵانی پاڵپشتی بۆ ئافرەتانی گەنج و بڵاوکردنەوەی نامەکانیش زۆر گرنگە هاوکات لەگەڵ نامەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆس کە پێکدێت لە پێدانی ئامرازی ئەمنی و دادوەری پێشینە بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی توندوتیژی لەمیانەی پەتای کۆڤید ١٩.

٧- پێکهێنانی پاڵپشتی کۆمەلانی بو پالپشتی کردن لە قوربانیانی توند و تیژی لەنێو کۆمەلگای راگوێزراوان و پەنابەران.

٨- قەیرانی پەتایی گرنگی کارکردن لەگەڵ سیستەمی دادپەروەری ئەلیکترونی بەدەرخست و گەیشنی ئافرەتان بە دادپەروەری لەمیانەی حاڵەتەکانی فریاگوزاری و بڕیاردان لەسەر کەیسەکان بە دووربەدووری و تۆمارکردنی داوا لەرێگەی سەکۆی ئەلیکترونی کە ژمارەییێك لە وڵاتان کاری پێدەکەن و ئەم

پرۆسەیە زۆر کات و کۆشش ئاسان دەکاتەوە و رێکارەکانی بیروقراتی سووك دەکاتەوە کە زۆر جار دەبێـە هۆی لەدەست چوونی مافەکانی ئافرەت .

٩- دیزاینکردنی خزمەتگوزاری یارمەتیدەر بۆ ئافرەتانی رزگاربووی توندوتیژی بەرێگاییێکی نوێ کە رێك بکەوێت لەگەڵ رێکارەکانی قەدەغە و دووری کۆمەڵایەتی و دڵنیایی لەگەیشتن بە ئافرەتان لە چینەکانی دانیشتووان یان ئەوانەی بە ئاستەم پێیان دەگەین. بێگومان ئافرەتانی کەمپی راگوێزراوان ئەوانەی بەئینتەرنێتەوە نەبەستراونەتەوە و موبایلیان نییە .

١٠- باشترکردنی بنەمای زانیاری بە توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزی و توندوتیژی خێزانی لەمیانەی پەتا لەرێگەی دابین کردنی داتاکان وباشترکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامادەکردنی راپۆرتی تایبەت، و بەڵگەکردنی تەواوی شێوە و جۆرەکانی کە یارمەتی دەدات لە قۆڵکردنی تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنیان و یارمەتی خاوەن بەرژەوەندی دەدرێت لەباشترکردنی وەڵامدانەوەی توندوتیژی.

١١- پەرەپێدانی میکانیزمی رەخساندنی دەرفەت بۆ قوربانی بۆ ئاگادارکردنەوە لە توندوتیژی لەحاڵەتی فریاکەوتن و قەیرانەکان

١٢- دووبارە ئاراستەکردنی پرۆژەکانی کارکەر لە کەیسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەك کە رێگە بە لکاندنی پیاوان دەدات وەك ئافرەتان لە تەواوی چوارچێوە و بەرنامەکانی پەیوەندیدار زۆرینەی ئەو پرۆژانەی کاریان کرد لەسەر یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز ئەنجامەکانی پێویستی نەدا، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو جەختی لە ئافرەتان کردووە بەبێ پیاو و خۆپاراستن لە توندوتیژی پێویستی بە بەشداریکردنی پیاوە و هاندانیان لە پاڵپشتی کردنی ئەم کەیسە و کارکردن لەسەری.

١٣- ڕاگەیاندنی کەمپینی ووشیارکردنەوە و رۆشنبیری کردن کە بنکەکانی میللی دەکاتە ئامانج و سەرکردەکانی کۆمەڵگەی ناوخۆیی ئامانجیان وەستاندنی تاکەکانە لەبەشداری کردن لە ئازاردانی ئافرەت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەنجامدانی گۆرانکاری ڕاستەقینە لەرەفتاری نەریتی کە جیاکاری دروست دەکات دژی ئافرەت.

١٤- فشار دروستکردن بە ئاراستەی بریاردانی یاسای پاراستنی خێزان و پێکهێنان و باشترکردنی میکانیزمی دەزگایی بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

١٥- دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی تەندروستی دەروونی کە ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە بچەسپێنرێت لە بنکەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ دڵنیاکردنی ئافرەتان بە گەیشتنیان. و بڵاوکردنەوەی وشیاری گشتی بە تەندروستی دەروونی و بەخزمەتگوزاری چاودێری بەردەست هەنگاوی یەکەمە بۆ هاندانی پێویستانی چاودێری لە داواکردنی یارمەتی. و ئەم جۆرە هەنگاوە پێویستی بەکاتێکی درێژ و هەوڵی دووئەوەندەیە.

madad
مدد للنساء FORWOMEN

الحماية القانونية والاجتماعية. التوظيف والاستقلالية
الحقوق والقدرة على التغيير
التوعية والمناصرة. جندرة السياسات